# هەنسکی تەمەن

هەژار خۆشناو



بەدەم لێزمەی باران

لەو دیو پەنجەرەی ژیان

دەستبازیم لەگەڵ گیانی

هەورا کرد...

دڵۆپەی وشک خر دەبوونەوە

لە فرمێسکی خاکی منە

تێکەڵ بە ئاوازی سەراب

پێکی کڕنووشیان دەنۆشی

لێرە دەبارێت

هەراجی تەمەن

بەقەد دەنکەی تەنیایی

سروەی سۆز

ون بو...و

چەترەکان ووشک و جەستەی تەڕی من

نە پەرچوی پێغەمبەرانن!

نە بادەی ساقی!

من ئەوینی باران بووم

چونکە شەیدا بە سەوز

دەزانم هەموو بەهارێک

ئێوە لە سۆراغما سورەتی

ئەنفالتان

دا دەکوتا

گەرەکتان بوو
بمدۆزنەوە
من گوندێکی بێ ڕێگام
لەشەوێکی بەر ئاگردان دا
هێشتا دلۆپەکان چاومیان بەجێ نەهێشت
من ماڵم سووتا
و
ئاسا و...ون بو...وم.

hajarkhoshnaw@yahoo.it
07/08/2005 Germania;Bielefeld